# چ بیرێک دەکەیتەوە لە مەسیح

## What do you think about Christ?

Kurdish-Sorani

## چی ئەزانیت لە بارەی مەسیحەوە؟

جیهان بەپەلەیە بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی کۆتایی٠ وەکۆتایی هەموو شتێک نزیک بۆتەوە،هەموو ئەوانەی سەرگەرم و قاڵی ئایینن دەزانن کەحەزرەتی مەسیح دووبارە دەگەڕێتەوە لەلای خوداوە٠ ئەوکاتە نەزانەکان ترس دایاندەگرێت، چونکە ئەوان هێز و توانا و کەسایەتی و راستی مەسیحیان پشت گوێ خستووە٠ وەتۆش هەروەها لەوکاتەدا تاقی دەکرێیتەوە،کەژیانی ئێستاو هەمیشەیی پەیوەستە بەیەک پرسیارەوە: پەیوەندیت بەمەسیحەوە چیە؟

ئەگەر هەست بەناوەرۆکی ڕاستەقینەی کەسایەتی مەسیح بکەیت ئەوە ڕزگار و دڵخۆش دەبیت٠وەهەموو شتەکانی ژیانت بەبەرنامەدەبێت٠ لەبەر ئەوەی لەمەسیحدا دانایی و زانایی و گەنجینەی ژیان دەبینیتەوە٠ ئەوکاتە پرسیارت لێ دەکات: چ بیرێکت لەمن کردەوە؟

تاوەکو زووە لەگەڵماندا وەرە بەو ڕێگایەی کەمەسیح دایناوە ئارامی دڵ و چارەسەری گیروگرفتەکانت لەبەرەکەت و میهرەبانی مەسیحدا دەدۆزیتەوە٠

# ع بیرێك

# دەكەیتەوە

# لە مەسیح



# چ بیرێک دەکەیتەوە بەو لەدایک بوونە سەرسوڕهێنەرەی مەسیح ؟

کەس لەدایک نەبووەو هەرگیز نابێت بەوشێوەیەی کەمەسیحی کوڕی مریەم لەدایک بووە۰
ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم، یوحەنای کوڕی زەکەریا، محەمەدی کوڕی عەبدوڵلا، هەموو مرۆڤێک ناوی باوکی هەڵدەگرێت۰بۆچی مەسیح ئەگەڕێتەوە بۆ ناوی دایکی؟ لەبەر ئەوەی ئەو لەکچێکی عازەب لەدایک بووە۰ لەدایک بوونی مەسیح وەستاوە لەسەر هێزو توانای خوداو مەبەستی نەمری۰حەوت سەد ساڵ پێش لەدایک بوونی مەسیح ، ئیشەعیای پێغەمبەر خەبەری داوەو پێشبینی ئەو لەدایک بوونە سەرسوڕهێنەرەی کردووە فەرموویەتی :ئەوەتا کچە عازەبێک سکی پڕدەبێت و کوڕێکی دەبێت ناوی دەنێت عیمانوئێل بەواتای (خودامان لەگەڵە. )
(ئیشەعیا : ٧ ,١٤ )
خودا پەیمانی خۆی هێنایە دی ، چونکە خودا سەرڕاستەو دادپەروەرە وەهیچ شتێک نییە لای ئەو نەبێت۰
ئایا ئەزانیت کەمەسیح ووشەی خودایە؟ ئەو پەیامە لەئنجیلی پیرۆزدا بخوێنەرەوە۰۰۰۰
لەسەرەتاوە ووشە بوو وە ووشەش لەلای خودا بوو۰۰ ووشە بوو بەلەش وەهاتە نێوانمان۰
هەموو هێزو توانای خودای پەروەردگار دەبینرێت لەووشە پیرۆزەکانیدا وەهەمووی کۆبۆتەوە لەمەسیحی ووشەدا۰ ئەگەر لەچۆنێتی لەدایک بوونی مەسیح قوڵ ببینەوە سەرمان دەسوڕمێت چونکە هیچ مرۆڤێک بەوجۆرە لەدایک نەبووە وەکو مەسیحی کوری مریەم وە بەراورد ناکرێت، چونکە ئەو جۆرە لەدایک بوونە بێ وێنەیە ! بە بیرت دێتەوە کەخودا ئادەمی لەقوڕ دروست کرد؟ ئێمەش هەموو نەوەی ئادەمین، هەتا پێغمبەرەکانیش هەموو دروست بووی ئەو قوڕەن۰ هەمووومان زەمینەیین ،بەڵام مەسیح لەبەرئەوەی ئەو لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارەوە ،ئەو پاک و بێگوناهە، هێندە پاکە سپیترە لە بەفر، بەڵام ئێمە هەمووومان خەتاکاروگوناهبارین ، چونکە ئێمە زەمینەیین لەڕۆحی خودا لە دایک نەبووین۰

له پەڕتووکی پیرۆزدا دەستەواژەیەکی سەیر دەخوێنینەوە: مەسیح هاتووە کە جیهان لەگوناهە ڕزگار بکات٠
هیچ مرۆڤێک ناتوانێت جێگەی مەسیح بگرێت چونکە ئێمە هەمووومان لە خاک دروست بووین٠ بەڵام ئەو ڕاستەوخۆ لەخودا٠ نکوڵی لە ئێمەی سەرسەخت نەکرد،بەڵکو هەڵیبژاردین٠ وەکاری ڕزگارکردنی قبوڵ کرد، وە هاتە سەر ئەم زەمینە پڕ لەگوناهە بۆ ئەوەی پاکمان بکاتەوە٠
پیرۆزبێت خودا بۆ ئەو لەدایک بوونە سەرسوڕهێنەرەی مەسیح٠



# چی ئەزانیت لەبێ گوناهی مەسیح؟

مەسیح لەڕۆحی خودا لەدایک بووە ، وەهەر لەسەرەتای لەدایک بوونیەوە دەرکەوت کە پاکەو بێگوناهە٠وەتەنانەت بۆ تەنها جارێکیش گوناهێکی نەکردووە٠ وە بەهیچ جۆرێک هەڵەشی نەکردووە، وەهەمیشە فەرمانەکانی خودای بەجێهێناوە٠ پێویستە لەسەرهەریەکێ لەئێمە درۆ نەکەین لەگەڵ خوداو لەگەڵ خودی خۆماندا وەدان بنێین بەگوناهەکانماندا٠
داود پێغەمبەر بەفرمێسک داوای لێبوردنی لەخودا کرد، وە ئیبراهیم پێغەمبەر تۆبەی کرد لەبەردەمی خودا تا گوناهەکانی ببەخشێت٠ بەڵام ئەگەر بگەڕێیت لە ئنجیلی پیرۆزو قورئاندا هیچ بەڵگەیەک نادۆزیتەوە کەمەسیح داوای لێبوردنی کردبێت٠ چونکە مەسیح بەبێ لەکەبوو بۆیە پێویستی بەپاکانە نەبوو٠وە بەئاشکرا بە دوژمنەکانی گووت: کێ لە ئێوە هەڵەیەکم نیشان دەدات؟ بەڵام هیچ یەکێک لەوان نەیتوانی هەڵەیەک نیشان بدات، نەلە ووتەکانیدا وە نەلە کردارەکانیدا٠ وە لە دادگایی کردنی کۆتاییدا لەبەردەم دادوەردا کەوالیەکی ڕۆمانی بوو٠ مەجبوور بوو کەسێ جار بەشێوەیەکی یاسایی دانی پیابنێ، من هیچ گوناهێک وهیچ تاوانێک لەعیسادا نابینم٠ لەمەش زیاتر ڕۆحێکی پیس لەناو مرۆڤێکدا بوو، کەمەسیح لێی نزیک بووەوە بەدەنگی بەرز هاواری کرد، ئەی عیسای ناسری، هاتووی لەناومان بەریت، من ئەتناسم کەتۆ کێیت و زۆر پیرۆزیت، ئەمە ئاشکرایە لەم جیهانەو لەکۆتایشدا کەمەسیح پاک و پیرۆز و لەخۆیدا تەواوە، هیچ مرۆڤێک وەک ئەو نییە٠ هەموو هەڵەیان کرد تەنها ئەو نەبێت٠

# چی تێگەیشتیت لە ووتەکانی مەسیح؟

هەموو پێغەمبەران و نێردراوان ووشەی خودایان بەئیلهام بۆ هاتووە٠ بەڵام مەسیح خۆی لە خۆیدا ووشەی خودایە کەهەموو هێزو توانا و بەزەیی پەروەردگاری تێدا نیشتەجێیە، تەنها ئەو نەدووا بەڵکو فەرموودەکانی ژیان٠ پاکی مەسیح بەراورد ناکرێت، وە کەسایەتیەکی زۆر بەهێزو نەشکێنراو بووە٠ بەئاشکرا هێزی خودا لەووتەکانی و لەکردارەکانیدا رەنگی دەدایەوە٠ وە زۆر لەم نمونە و دەستەواژانە لەبارەی ئەوەوە دەخوێنینەوە:

کاتێک کە لەووتەکانی تەواوو بوو، زۆریان لەفێرکردنەکانی واقیان ورما، چونکە ئەو وەک توانادارێک ودەسەڵاتدارێک فێری دەکردن نەوەکو نوسەرێک بەواتای مامۆستایانی تەورات و شەریعەت٠

کاتێک دژەکانی هەوڵیان دەدا کە دەستگیری بکەن لەرێگەی خزمەتکارەکانیانەوە، بەڵام خزمەتکارەکان بە ووشەکانی ویژدانیان دەجووڵاو، توانای ئەوەیان نەبوو لێی نزیک بکەونەوە، وە بەسەرشۆڕی دەگەڕانەوە لای گەورەکانیان. کەسێک نەبوو وەکو ئەو مرۆڤە بدوێت وگفتووگۆ بکات . گوێ بگرە لەهەندێ لە ووتەکانی مەسیح کە زۆر بەسادەپەسەندی دەریبڕیوە:

من ڕووناکی جیهانم، ئەوەی دوام بکەوێ بەتاریکیدا ناڕوات، بەڵکو ڕووناکی ژیانی دەبێ٠
(یۆحەنا ٨، ١٢)

من نانی ژیانم، ئەوەی بێتەلام برسی نابێت، ئەوەش باوەڕم پێ بهێنێ هەرگیز تینووی نابێ٠
(یۆحەنا ٦ ، ٣٥)



دوژمنەکانتان خۆش بوێت، ئەوانەی ڕقیان لێتانە پیرۆزیان بکەن، چاکەبکەن لەگەڵ ئەوانەی خراپەتان لەگەڵ دەکەن و نوێژیان بۆ بکەن• دادگایی مەکەن با دادگایی نەکرێن، لەبەرئەوەی چۆن دادگایی دەکەن بەهەمان شێوە دادگایی دەکرێنەوە. بەو پێوانەیەی دەپێون بۆتان دەپێورێتەوە•بۆچی سەیری چاوی براکەت دەکەیت کە دڕکێکی تێدایە، بەڵام چاوی خۆت چیلکەیەکی تێدایە هیچ باسی ناکەیت؟ یاخود چۆن بە براکەت دەڵێیت با ئەو دڕکە لەچاوت دەربهێنم وە چیلکەیەک لەچاوی خۆتدایە؟ تۆ سەیرکەچیلکەکە لەچاوی خۆت دەربهێنە پاشان چاوت بە باشی دەبینێت بۆ ئەوەی دڕکەکە لەچاوی براکەت دەربهێنیت. ئەگەر لەم ووشانە قوڵ ببینەوە ئەوا تێدەگەین کەمەسیح ڕووناکی جیهانە، ئەوەی گوێ ڕایەڵی ووشەکانی بێت ئەوا ئاشتی و ژیانی ڕاستی پێدەبەخشێت•

هەموو پێغەمبەرەکانی تر بەشێک لەڕووناکی خودایان بە درەوشاوەیی هێنایە سەر ئەم جیهانە تاریکەمان، لەشێوەدا لەمانگ دەچن ئەچێتەوەیەک وەکو مانگی نوێ ، بەڵام مەسیح وەکو ڕۆژێکی هەڵاتوو بەهێزی ڕووناکییەکەی. چۆن ئێمە دوای مانگ دەکەوین ئەگەر ڕۆژهەڵاتبێت مەسیح ڕووناکی ڕاستەقینەیە، چونکە ئەو پەیامی تەواوکرد، یاسایەکی تازەی ئاشکراکرد ئەویش خۆشەویستییە•

ئەو لەخۆیدا خۆشەویستیەوە ئەو ووشەیەی کە فەرموویەتی ئەوەش شایستەیەتی :

(من ڕێگای ڕاستی وژیانم، زەمین و ئاسمان نامێنن بەڵام ووشەکانم هەتاهەتایە ئەمێنن)•

# من ڕووناکی جیهانم

ئەوەی دوام بکەوێ

بە تاریکیدا ناڕوات

بەڵکو ڕووناکی ژیانی دەبێ.

یۆحەنا ٨، ١٢

# چ بیریێک دەکەیتەوە لەهێزو توانای مەسیح؟

ئەوەی لەکارەکانی مەسیح قوڵبێتەوە ئەوا تێدەگات کەمەسیح هێزو توانایەکی بێ سنوری هەیە وە هەمووهێزو توانا ئاسمانیەکان پڕیان کردووە٠ وە کارە ئاشکراکانی خودای کردووە، وە کەس نەیتوانیوە وەک ئەو بکات ٠نەخۆشی گەڕی بەووشەی زمانی چاککردۆتەوە، چاوی کوێری بەڕوویەکی خۆشەوە ڕۆشن کردۆتەوە، وە زریان و ڕەشەبای تەنها بە ووشەیەک خامۆش کردۆتەوە، وە بە هەرەشەکردن شەیتانی دەرکردووە، وە توانیویەتی پێنج هەزار کەسی برسی تێر بکات بەپێنچ نان و دوو ماسی٠ هیچ کەسێک نەبوو کە توانیبێتی ئەم جۆرە کارانە بکات .

وەکو هەندێ لە پێغەمبەران کاری سەرسوڕهێنەریان لەسنوردا بە ئەنجام گەیاندووە بەناوی خوداوە٠ بەڵام مەسیح کارەکانی بەناوی خۆیی و توانای گەورەی خۆی بە ئەنجام گەیاندووە٠

پیاوێک هەبوو ناوی لەعازر بوو، ئەو مرد وە ناشتیان، کەس وکاری پرسەیان بۆگرت و دەگریان بۆی، وە داوای یارمەتیان لەعیسا کرد، کاتێک گەیشتە گوندەکەیان چوار ڕۆژ بەسەر مردنی لەعازردا تێپەڕیبوو وە لەقەبردا بوو، مەسیح لە قەبرەکەی چووە پێشەوەو بە دەنگە بەسۆزەکەی هاواری کرد لەعازر وەرە دەرەوە، تۆش هەروەها دەنگی زیندوو کەرەوەی خودایت بیست هەڵدەستیتەوە لەمردنە ڕۆحییەکەت لە گوناهەکانتا، چونکەمەسیح

دەفەرمووێت : من ژیان و من قیامەتم٠ ڕۆژێک دێت کە هەموو مردوان دەنگی دەبیستن وە هەڵدەستنەوەبەڵام بۆ ژیان لەگەڵ خودادا یان دادگاییەکی ترسناک، تۆش هەروەها ئەگەر دڵت بکەیتەوە بۆ دەنگی مەسیح ئەوا ئەچیتە خۆشییەوەو ناوت لەژیانی هەتاهەتایدا دەنووسرێت٠

## چی دەزانیت لەبارەی ئازارەکانی مەسیحەوە؟

مردنی مەسیح ئەمەڕاستیەکە ناشاردرێتەوە، دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر ئەو مردو گیانی سپارد٠بەڵام مەسیح ئەیزانی بەچ جۆرێک بڕیاری مردنی بەسەردا دەدەن وەپێش مردنی ئەو بە ئاشکرا باسی ئەوەی کرد٠
تۆ دەزانیت لەکوێ دەمریت؟ لەووڵاتی خۆت یان لەڕێگا یان لەسەر جێگای خەوتنت؟ ئایا بەکارەسات دەمریت یان بەمردنێکی ئاسایی؟ وەچەندی تەمەن بەسەر دەبەیت وەچەند مانگ وە چەند ڕۆژ؟ وە پاش مردنت چی بەسەر کەس وکارت دێت؟
بەهیچ جۆرێک هیچ نازانین لەبارەی مردنمانەوە، چۆن پێغەمبەرانیش هیچیان لەبارەی ڕۆژی کۆتای خۆیانەوەنەزانیوە٠ بەڵام حەزرەتی مەسیح ئەیزانی وە هەواڵی مردنی خۆشی ئاشکرا کرد کە لە شاری ئۆرشەلیم دەبێت٠
دوای دادگایی کردنی لەلایەن پیران و بێ بڕوایانەوە، وە ئازاردانێکی زۆر، وە بەخواستی خۆی ئەو ڕۆژەی دیاری کرد کە تێیدا دەمرێت٠ ڕۆژی جەژنی تێپەڕبوون، ئەو ڕۆژەی کە قوربانی تێدا دەدرا مەڕی تێدا سەردەبڕدرا بۆ ئەوەی تووڕەیی خودا لەسەر خۆیان لابەرن و خودا لە گوناهەکانیان خۆشبێت لەبەرخاتری ئەو خوێنەی کەبەخشیویانە٠مەسیح مرد وەک مەڕی خودا بۆ گوناهی جیهان٠گوناە و پیسی هەمووومانی لەگەڵ خۆی برد ٠بۆ ئەوەی هەموو باوەڕدارێک خودا لەگوناهی خۆشبێت و تووڕەیی خودای لەسەر نەمێنێت٠ ئەوەی باوەڕ بە مەسیح بهێنێت پاک دەبێتەوە پاک بوونەوەیەکی هەتاهەتایی وە دەبێت بە بوونەوەرێکی نوێ٠
مەسیح تەنها لەبارەی چۆنێتی کات و مردنی خۆی نەدوا بەڵکو دڵنیاشی کردن کە لەپاش سێ ڕۆژ هەڵدەستێتەوەلەنێو مردوان٠هیچ کەسێکیش ناتوانێت ڕێگەی لێبگرێت لەهەڵسانەوەی٠ وە ئەمەش هاتەدی، هەروەها مەسیح دەفەرمووێت : کەس نییە ژیانی من ببات بەڵکو من خۆم ژیانم دادەنێم بەویستی خۆم،وە توانام هەیە وەریشی بگرمەوە٠



هیچ مرۆڤێک نازانێت کۆتایی ژیانی کەیەو وەچی لەپاشەڕۆژدا چاوەڕێی دەکات، بەڵام مەسیح
مرد بەوویستی خۆی وەگوناهی هەموو جیهانی لەگەڵ خۆی برد، وە مرد بۆ ئازاد کردنی ئێمە٠
ئەو ژیانەرەوەیە ئەوەی ژیانی ڕۆحی ئەدات بەوانەی کە باوەڕیان پێی هەیە٠ لەسەر ئەم
زەمینەدا کەسێک نابینین وەکو ئەو کە مردبێت وە لە مردن هەڵسابێتەوە٠
مردنی مەسیح بەرەکەتی خودای گەورە بوو بۆ هەموو مرۆڤایەتی٠



## ئایا بە سەرکەوتنی مەسیحت زانی بەسەر مەرگدا ؟

مەسیح بەراستی مرد، وە بەخاکیان سپارد لەناو قەبرێکی هەڵکەندراو لە تاشەبەرددا، وە دوژمنەکانی بە بەردێکی گەورە دەرگای قەبرەکە یان داخست٠ وە بەمۆری گەورەی وولات لەوکاتەدا مۆرکرا٠ لەبەر ئەوەی نەوەکو قووتابیەکانی شەو بێن و لاشەکەی بدزن.
وەکو یەهودییەکان دەیانگوت٠ وە پاسەوانیشیان لەبەر دەرگای قەبرەکەی بۆ پاسەوانی دانا٠ بەڵام پاش سێ ڕۆژ مەسیح هەڵسایەوە لەناو مردوان وە هاتەدەرەوە لەناو قەبرەکەی٠ وە دوای ئەوە قووتابییەکانی قەبرەکەیان بە بەتاڵی بینی سەریان سوڕماو داچڵەکین وهەڵسڵەمینەوە کە بە مەسیح گەیشتن بەزیندووی٠ واتێگەیشتن کە ئەو خێوە، بەڵام ئەو بەقسەی خۆش لەگەڵیان دووا، وەجێگای بەجێماوی بزمارە داکوتراوەکانی دەستی و قاچی نیشان دان٠ وە لەبەر چاویان نانی خوارد، وە مەرەخەسی ئەوەی دانێ کە دەست لە لەشی بدەن بۆ ئەوەی دڵنیابن کە بەڕاستی و بەلەش ئەوەو هیچ دوودڵیان نەبێت٠
هەموو پێغەمبەران و نێردراوان مردن، وە لاشەکانیان لەقەبردا داڕزاوە بەڵام مەسیح زیندووەو مەرگ ناتوانێت بەرامبەری بووەستێت٠ ئایا مانای هەڵسانەوەی مەسیح لەنێو مردوان تێگەیشتیت؟
خودای گەورە دەریخست بەم کارە مەزنە کە لە خاچ دراوی خۆشدەوێت٠ وە ئەو قوربانییەی سەر خاچی قبول کرد لەباتی هەموو جیهان٠

# چ بیریَک دەکەیتەوە لە بەرزکردنەوەی مەسیح بۆلای خودا ؟

ئایا ئەزانیت کە مەسیح بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان وە لەلای ڕاستی خوداوە دانیشت؟ ئەو نزیکترین کەسە لەخودا٠ وە کەسی تر نییە لە وێنەی ئەو، ئەو لە ئاسمانەوە هاتە سەر زەمین لەشێوەی مرۆڤدا، وەهەر بەوشێوەیەش سەرکەوتەوە بۆ ئاسمان پاش ئەوەی بەمردنی سەرکەوت بەسەر گووناە و شەیتاندا٠ئەو نێوانکارێکی دەست پاک و بەتوانایە بۆ هەموو یەکێک لەوانەی کە بە ناوی ئەوەوە دەچنە بەردەمی خودا٠وەهەر کەسێک باوەڕی بەنێوانکاری ئەو هەیە، ڕۆحی پیرۆزیان پێدەبەخشرێت و لەدڵیاندا دەچەسپێت٠

بیریان نوێ دەبێتەوە، کرداریان پاک دەبێت، ژیانی خودایان تێدا دیار دەدات٠ ئەگەر وویستت بوونی مەسیحی زیندوو تاقی بکەیتەوە، تۆ بەخواستی خۆت دڵت بکەرەوە بۆ هێزی ئەو، بەباوەڕ دەیبینیت، وە دوایی تێکە ڵ بەپلانەکانی دەبیت٠ بەڵام ئەوەی مەسیحی نەوێت ئەوە خودی خودای ناوێت، ئەوەی کە مەسیحی پێشکەش کرد بۆ کەفارەتی جیهان٠

خودا پێشبینی خۆی هێنایەدی کە بە داود پێغەمبەری گوتبوو :خودا بە مەسیحی بەرزکراوەی فە رموو : وەرە لەلای ڕاستمەوە دانیشە، تا دوژمنەکانت بخەمە ژێر پێتەوە٠ ئەوانەی کە خۆشەویستی خودا لەمەسیحدا ڕەتدەکەنەوە ئەوا خۆیان تاوانبار دەکەن٠ ئەوەی کە بەزەیی خودا ڕەتدەکاتەوە ئەو کەسە تووڕەیی خودای لەسەر دەمێنێت٠

چونکە ئەو کەسە خۆی بەدەستی خۆی تاکە ڕێگەی ڕزگاربوونی ڕەتکردۆتەوە، بە ئارەزوو ڕێگەی خودای نەگرتۆتەبەر٠ تا ئەوکاتەی هەڵسانەوەی مەسیح، مردن گەورەترین دووژمنی مرۆڤ بوو، بەڵام مەسیح بەسەر مردندا سەرکەوت، وە بەزیندوویی خۆی دەرخست، وە هەرگیز نامرێت٠ ئەو کەسەی بە مەسیحەوە بچەسپێت ئەوا لەژیاندا هێزو توانای دەبێت و سەردەکەوێت بەسەر هەموو لایەنە خراپەکانی ژیاندا٠ئایا هەستت کرد بەپیرۆزی هەڵسانەوەی مەسیح، ئایا تۆش بە دڵ وەرتگرت؟ دەتۆش دڵ بکەرەوەو٠٠٠وەریبگرە٠



## چیت زانی لەبارەی گەڕانەوەی مەسیح بۆ سەرزەمین ؟

مەسیح خۆی لەخۆیدا خۆشەوویستیە٠ هەموو کەسێکی خۆشدەوێت وە بەتایبەتی ئەوانەی کە لەگەڵ خۆشەویستیەکەی ئەو دەگونجێن٠ تەنانەت ئەوانە خۆشەوویستن و لەخۆبووردون وەکو خودا لێیان خۆشبوو لەمەسیحدا٠وە ئەو بەتاسەوەیە بۆمان و ئەیەوێت هەمیشە لەگەڵیدابین، وە بە دڵنیاییەوە هەواڵی گەڕانەوەی مەسیح دووبارە وەکو هەواڵی مردنی و هەڵسانەوەی لەمردن ڕاست دەبێت٠ هەموو دانایەک و تێگەیشتوویەک خۆی ئامادە دەکات بۆ پێشوازی کردنی٠

ئەزانن کە مەسیح بەشکۆیەکی مەزنەوە دێتەوە، وە ئەوانە جیا دەکاتەوە کە قووربانی مەسیحیان قبوڵ کردووە لەوانەی کە دڵیان وەکو بەرد وایە و دڵڕەقن٠ ئەوانەی کە خۆیان بە گەورە دەزانن وە دان نانێن بە هەڵەکانیاندا و پێوویستیان بە لێخۆشبوونی مەسیحە٠ئەی برای خۆشەویست : خێراکەو مەسیح لە ژیانتدا قبوڵ بکە٠ بۆئەوەی نەکەویتە بەر دادگایی کردنی ڕۆژی کۆتایی٠

تەنها مەسیح ئەتوانێت ڕزگارت بکات لەو توڕەیی و ناهەموارییەی کە دێت٠ ئەو باوەڕدارە ڕزگاربووانە هەمیشە بەتاسەوە چاوەڕوانی هاتنی مەسیح دەکەن٠ وە تەنانەت یەهود و ئیسلامە کانیش دەزانن هاتنی ئەو نزیکە٠

هەندێ کەس لەو باوەڕەدان کە مەسیح چل ساڵ لەسەر زەمین فەرمانرەوایی دەکات، وە هەندێک فەرمانرەوایەکەی بە سەد ساڵ دەخەملێنن٠وە هەندێکی تردەڵێن کە فەرمانرەواییەکەی دوو هەزار ساڵە٠ بەڵام پەڕتووکی پیرۆز دڵنیامان دەکات کە مەسیح پاشای پاشایانەو گەورەی گەورەیان وەبێ کۆتاییە٠ وە وولاتی ئەو هەتاهەتاییە٠ مەسیح بۆ خۆی دەفەرمووێت : من پاشام، لەبەر ئەوە لە دایک بووم وە لەبەرئەوە هاتووم بۆ جیهان بۆ ئەوەی شایەتی ڕاستی بدەم٠ وە ئەوەی لە ڕاستی بێت گوێی لە دەنگم دەبێت٠

## چی تێگەیشتیت لەناوەکانی وە نازناوەکانی مەسیح ؟

هەندێک لە پێغەمبەران نازناوی تایبەتیان هەیە• ئیبراهیم دۆستی نزیکی خودایە، وە موسا ووتووێژکەری خودایە، وە عیسا ووشەو ڕۆحی خودایە• وە لە پەڕتووکی پیرۆزدا بەئاشکرا ووشەی خودا دەخووێنینەوە، کە دەنگێک لە ئاسمانەوە هات و ووتی : ئەوە کوڕی خۆشەوویستی منە، کە پێی خۆشحاڵ بووم، گوێی لێ ڕابگرن•کوڕی خودا ئەم دەستەواژەیە مانای چی یە؟ وەکوو باوە کوڕ وێنەیەکە لە باوکی، وە هەر بەو شێوەیەش دەبینین کە لە مەسیحدا تایبەتمەندێتی خودای تێدایە. هەر وەکوو مەسیح بە قووتابیەکانی فەرموو: ئەوەی منی بینی ئەوە باوکی بینیوە• لەوانەیە بڵێیت حاشا ئەو تەنها پێغەمبەرە و بەس•لێت دەپرسن :بۆچی دوای فەرمانەکانی نەکەوتی؟ تۆ تاوانباریت ئەگەر بەڕاستی تۆبە نەکەیت وەبیرو کردەوەکانت نەگۆڕیت• ئەمە نهێنییەکی گەورەیە کەمەسیح وەکو کۆیلەیەک دەرکەوت بۆ ئەوەی کۆیلەکان ئازاد بکات لە گوناهەکانیان، وە هاتە سەر ڕووی زەمین وەکو مرۆڤێکی ئاسایی بۆ ئەوەی واتای ڕاستی مرۆڤمان نیشان بدات، کە گەورەیی و لووت بەرزی ئازادمان ناکات بەڵکو تەنها خۆشەوویستی مەسیح•ئەوەی شمشێری هەڵگرت واپێدەچێت بەهێزبێت، بەڵام ئەوەی بەسەر خۆیدا سەرکەوێت ئەوە بەهێزە•بەڵام لەهەموو شتێک گەورەتر ئەوەیە  کە خۆت بکەیت بە قوربانیی بۆ خەڵکانێکی تر•نێردراو یۆحەننا دانی پێدادەنێت و دەڵێت: ووشە بوو بە جەستە وە هاتە نێوانمان وە شکۆو شکۆداریمان دی چۆن کە تەنها لە باوکەوە پڕبوو لە بەرەکەت و ڕاستی• مەسیح هاتە شێوەی مرۆڤەوە بۆ ئەوەی تێبگەین کەخودا باوکە، نەرمونیان، خۆشەوویست و بەبەزەییە•نەوەک بە زەبرو زەنگ و بەهیلاک بەرو بەتەنگەوە نەهاتوو• بەو جۆرە مەسیح شێوەو تێگەیشتنێکی تری تازەی پێبەخشین لەسەر خودا• مەسیح تەنها فێری هەڵسوکەوت و خووڕەووشتی خودایی نەکردین بەڵکو نموونەی خۆشەویستی خودا بۆ ئێمە.
وە خۆشەوویستی بۆتە درووشمی پەیمانی نوێ•

# ناوی مەسیحە، چونکە

# میللەتەکەی ڕزگار دەکات

# لەگوناهەکانیان

مەتتا ١، ٣١

## هەڵوێستت چی یە، بەرامبەر بەو پێشنیازەی مەسیح ؟

کوری خودا بەدەنگە بەسۆزەکەی پێت دەڵێت : وەرن بۆلام ئەی هەموو ئەوانەی کە ماندوون و کۆڵی گرانتان بە کۆڵەوەیە، با من بتانحەوێنمەوە٠ نیرگەکەی من هەڵبگرن و لەمن فێربن، چونکە من دڵ نەرم و ساکارم،وە ئارامی گیان دەبیننەوە، چونکە نیرگەکەی من زۆر سوکەو کۆڵەکەشم ئاسانە٠

کاتێک مەسیح بەو جۆرە ووشانە بانگی قووتابیەکانی کرد، ئەوانیش هەڵسان و ماڵ و باوک و کارو کاسپییان بەجێهێشت، دوای ئەو کەوتن دڵنیا لە بانگهێشتنەکەی٠

لەو کاتانەی کە لەگەڵیدا بوون باوەڕیان پێهێناوە ژیانی خۆیان دا بە مەسیح هەتا لە کۆتاییدا پڕبوون لەهێزی ڕۆحی پیرۆز٠ مەسیح زیندووە بەهەمان شێوە لەتۆش چاوەڕوان دەکات وە بانگهێشتت دەکات بەتایبەتی، کە هەموو شتێک بەجێبهێڵیت و دوای بکەویت ٠ ئەوکاتە زیاترو زیاتر پێی ئاشنا دەبیت، وە ژیانی خۆت دەخەیتە ژێر پیرۆزی ئەوەوە، بەڕۆحی پاکی خۆی چەورت دەکات، بۆ ئەوەی لەگفتوو کردارەکانتدا بگۆڕدرێیت٠ ئەوکاتە دەبیت بە مرۆڤێکی ڕاستگۆو سوودبەخش وە لەخۆبوردوو خۆشەویست٠

سڵاوی خودا لەوەی کە بەرزترە لەهەموو مێشکێک، وە دڵت و گیانی پاکت بپارێزێت هەتا هاتنی مەسیح بەم نزیکانە٠

## پێشبڕکێ

خوێنەری بەڕێز ئەگەر ئەم پرسیارانە وە ڕوونکردنەوەکانیانت بە تەواوی خوێندەوە، ئەوا دەتوانیت وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەیتەوە٠ ئەگەر زۆربەی وەڵامەکانت ڕاست بوون ئەوا دیارییەکەت پەڕتووکێکە (کەسایەتی مەسیح لەئینجیل وقورئاندا) ، یاخود پەڕتووکێکی تر لە بڵاوکراوەکانمان٠

پرسیارەکان

١- چی سەرسوڕهێنەرە لە لەدایک بوونی مەسیحدا ؟

٢- بۆچی هەمیشە مەسیح بەبێ تاوان دەردەکەوێت ؟

٣- نهێنی چییە لە ووشەکانی مەسیحدا ؟

٤- کام کارەی مەسیح کاری تێکردیت ؟

٥- چ شتێکی سەرسوڕهێنەر هەیە لەمردنی مەسیحدا ؟

٦-هەڵسانەوەی مەسیح لەنێو مردووان مانای چی یە ؟

٧- ئێستا مەسیح لەکوێیەو بەچی کارێکەوە خەریکە؟

٨- چی تێدەگەیت لەڕاستی دووبارە هاتنەوەی مەسیح ؟

٩- بۆچی خودا مەسیحی ناونا کوڕی خۆی ؟

١٠- چ بیرێک دەکەیتەوە لەبارەی مەسیح ؟

وەڵامەکەت بەدەست و خەتێکی جوان بنووسەو بینێرەبۆ ئەم ناونیشانەیەی خوارەوە:


دار الهداية

THE GOOD WAY.P.O.BOX 66

CH-8486 RIKON (SUISSE)

## چ بیریێکت کردەوە لەمەسیح ؟

خوێنەری ئازیز و خۆشەوویست، لەوانەیە ڕەزامەند بیت بەووتەکانی ئنجیل، یاخود ئەو مژدە دڵخۆشکەرە کە لە ئاسمانەوە هاتووە ڕەتدەکەیتەوە. بە هەرحاڵ بەهیوای ئەوەین کە بیرو سەرنجەکانت ببیستین لەبارەی مەسیحەوە.

ئەگەر وویستت ئەوا بەنامە بۆمان بنووسە. وەئێمە ئامادەین کە نووسین و چاپکراوەکانی خۆمانت بۆ بنێرین بەبێ بەرامبەر. بۆ ئەوەی زیاتر بزانیت لەبارەی مەسیح و ژیانی پیرۆزیەوە.

**وەرگێر : شاهۆ**



www.bible.com/de/bible/503/luk.1

DCL
Bernstrasse 73
CH-3613 Steffisburg
Switzerland
info@dclit.net

Kurdish-Sorani

Copyright by kind permission of writer 4.2016